سەرکی دەستەی دەروازە سنووریەکان: هیچ دەروازەیەکی نایاسایی لە ناوەڕاست و باشووردا نییە

ئەمە یەکشەممە"فەریق عومەر وائیلی " سەرکی دەستەی دەروازە سنووریەکان، جەختی کردەوە کە هیچ دەروازەیەکی سنووریی نا فەرمی (نایاسایی) لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عەراقدا بوونی نییە.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکی فەرمانگەی ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەران کە دەستی ئاژانسی موتەع کوتووە، تیایدا هاتووە : "وائیلی " لە کاتی میوانداریکردنی لە پەرلەمان، وتی : جێبەجێکردنی سیستەمی ئەلیکترۆنی تا ڕادەیەکی زۆر سنوری بە دیاردەی گەندەڵی داناوە کە پێشتر لە دەروازەکاندا هەبوو.

ووتیشی: کارکردن لە دەستەی دەروازەکان لە بەغدا بە درێژایی 24 کاتژمێر و بە شێوەیەکی ڕەک و پێک لە تەواوی ئەو دەروازە سنووریانەی سەر بە حکومەتی فیدراڵین، بەردەوامە.

ڕوونیشیکردەوە: نەگەیشتووینەتە هیچ لێکتەگەیشتنێکی فەرمی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بە کۆنترۆڵکردنی دەروازەکان لە هەرێمی کوردستان.

لە کۆتایی قسەکانیدا وائیلی بوونی هەر دەروازەیەکی نایاسایی لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشوور ڕەتکردەوە.